**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٠١٢ لە ٢٠٢٢/١/٢٤**

پاڵپشـــت بە ماددەی (٥) لە یاســـای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ســـاڵی ١٩٨٤ی هەموارکراو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :-

**بڕیاری گومرگی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

١- دامەزراندنی بنکەی گومرگی بەناوی ( بنکەی گومرگی تیلەکۆ) لە مەرزی تیلەکۆ بۆ ئەنجام دانی هەڵس و کەوتی گومرگی و پێویست بۆ ئالوگۆڕی بازرگانی .

٢- دەسەڵاتەکانی بنکەکە بەپێی ماددەکانی (٦ – ٧) و بە لەبەر چاوگرتنی بەندەکانی ماددەی (٦٣)ی یاسایی گومرگی دیاری دەکرێت .

٣- بنکەکە لە ڕووی ئیداری و داراییەوە دەبەسترێتەوە بە بەڕێوەبەرایەتی گومرگی گەرمیانەوە .

٤- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت .

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاســـای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

- هـێـنـانەکـایەی (أســـتـحـداث) کـردنـی هـۆبەی تـۆڕی پـاراســـتـنـی کـۆمەڵایەتـی لە (زاخۆ،ئاکرێ،ئامێدی،شێخان،سێمێل) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی قەزاکان بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی سەرجەم کارەکانی کەمئەندامان لە رووی داتا و دۆسیەی تایبەت و بەدواداچوونی کارەکانیان.

- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**بەیانی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١**

بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاســـای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە:-

- هێنانە کایەی (أســتحداث) کردنی هۆبەی (ڕاگە یا ندن) ســـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ( هەولێر – سلێمانی – دهۆک) ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**